HANDICAPPED UNION OF KURDISTAAN
General Center Sulaimany
NO: 203
Date: 08 / 05 / 2007

# یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان
## مەڵبەندی گشتی ـــ سلێمانی
ژمارە / 203
بەروار :08 / 0 5 / 2007




**بۆ بەڕێزان / سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران – گشت وەزارەتەکان – پارێزگای سلێمانی – سەرجەم حزبە کوردستانیەکان**

**بابەت / داواکاری**

**سڵاوێکی مرۆڤ دۆستانەی گەرم** ........

**بەڕێزان** .... **لە دوای چاوەڕوانی بەرزکردنەوەی هەردوو یاداشتمان لە بەرواری** ( 6 / 3 / 2007 – 14 / 4 / 2007 ) **دا تایبەت بە جێ بەجێ کردنی پێداویستی کەمئەندامان بە تایبەت زیادکردنی هاوکاری مانگانەی کەمئەندامان . بەلاّم بەداخەوە هیچ وەلاّمێك نەبوو ، هەر بۆیە پشت بەستن بە دەنگی کەمئەندامان داواکارین ئەم داواکاریانەمان بۆ جێ بە جێ بکەن :**

1- **زیادکردنی هاوکاری مانگانەی کەمئەندامان لە** ( 30 000 ) **سی هەزار دینارەوە بۆ** ( 90000 ) **نەوەد هەزار دینار .**
2- **جێ بە جێ کردنی سەرجەم بڕگەکانی بڕیاری** ( 113 ) **سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران .**
3- **بڕیاری** ( 113 ) **ی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران کەلە** ( 10 / 8 / 2003 ) **دەرچووە لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم کاری پێ بکرێت .**
4- **دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ کەمئەندامان وەك ( زەوی و شوقە )**
5- **پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و خانوبەرە بەبڕیارێکی تایبەت بۆ کەمئەندامان .**
6- **دابین کردنی ئامێرە یارمەتی دەرەکان لە باشترین جۆرەکانی بۆ کەمئەندامان .**
7- **ناردنە دەرەوەی ئەوکەمئەندامانەی پێویستیان بە چارەسەر هەیە .**
8- **هاوکاری و کارئاسانی بۆکەمئەندامان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بەگشتی و بەتایبەت ئەو کەمئەندامانەی لە خوێندن دابڕاون و خوازیاری تەواوکردنی خوێندنن .**

ناونیشان/ سلێمانی گەڕەکی سلێمانی تازە شەقامی پاشای کۆرە ژمارە ( 25 ) ژمارەی خانوو ( 51 ) ☎3270728
E-mail:huk_96@yahoo.com 07701922472 📱07301114356 عمر، 07701423808سامان 📱، 07701935541 خالید

**جێ بە جێ كردنی داواكاریەكانمان نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریتانە بۆ كەمئەندامان**

**عمر كريم محمد**
**لێپرسراوی گشتی**
**یەكێتی كەمئەندامانی كوردستان**
2007 / 05 / 08

**وێنەیەك بۆ :**
♿ **فایلی دەرچوو .**

ناونیشان/ سلێمانی گەڕەكی سلێمانی تازە شەقامی پاشای كۆرە ژمارە ( 25 ) ژمارەی خانوو ( 51 ) ☎3270728
E-mail:huk_96@yahoo.com 07701922472 📱07301114356 عمر، 07701423808سامان 📱، 07701935541 خالید